# دوا بەرهەمی چاپكراوی شعری كوردی لە باشووری كوردستان

# یەكەم بەرهەمی شعری هەندرێن حەمەدەمین

**مادۆ / هەولێر**
2006/1/16

**لە بەرگێكی ژێكەلەدا و كۆمەڵێ رەنگی جواندا چەند شعرێكی هەندرێن حەمەدەمینی شاعیر چاپكران.**
**هەندرێن لە ئەڵمانیا ئەژی و خەڵكی شەقلاوەیە و كەم ئەنووسێ و بلاو ئەكاتەوە. ئەو كتابەش زیاتر بە هەوڵ و هیمەتی هۆشەنگ شێخ محەمەد بە چاپ گەیەنراوە، و هەروەها پێشەكییەكیشی بۆ كتێبەكە نووسیوە.**
**شعرەكانی هەندرێن تا رادەیەكی باش رووچونن بە ناو دنیای هزر و عاتیفە و هەستكردن بە شتە وردیلە و سەفەرە لە بن نەهاتووەكانی مرۆڤ بەرەو مردن و ژیان و عەشق و ژن و تەنهایی و دووری و نیشتمان و هەبوون و پارچەكانی روح و عەقل و مەنتق و شێتی و سەرخۆشی و جوانی و ئاوس بوون،**
**(مەگیرانی) كە ناوی كۆمەڵە شعرەكەیە، ئاوسبوونی هەندرێن و ژیان و هەبوون لە خۆیدا هەڵئەگرێت ، ئاوسە بە دەیان پرسیاری بێ وەلام و وەلامی بێ قەناعەت، مەگیرانی پڕە لە گومان و تێنەگەیشتن لەو بوون و بوونەوەرانەی ژیان ئەكەن ، پێكەوە ژیان ئەكەن و تەنیان .. عاشقن.. ئاوسن .. دوورن.. نامۆن .. پڕن لە خەون و هزر و رامان..**
**هەندرێن باس لە ژیانێك ئەكات كە هەست ئەكەیت شعرەكانی خۆی لەدەست ئەو ژیانە رائەكەن و بەدوای شتێك ئەگەڕێن كە نایاندۆزێتەوە، شتێك كە هەمیشە ون ئەبێت و لەگەل خۆیدا پارچەیەكیش لە خەونەكانی مرۆڤ.. ساپیتەیەك لە روحی مرۆڤان و خەلیاقەتەكان بزر ئەكات یان ئەشێوێنێت..**
**سەری شاعیرانێك ئاوستر و ئاوستر ئەكات و مەگیرانی ئەو شاعیرانەش بە خەون و خولیا و ئارەزووی مندالأنە و ئازادی ئەكات.**
**هەندۆ ئەڵێ ( مەگیرانی بۆ ماچەكانی خۆشەویستم ئەكەم )**
**ئەو ماچانەی كە ناكرێن.. لەبەر چی ناكرێن..؟ لەبەر دووری .. لەبەر تەنیایی و بێ بۆنی و بێ رەنگی ژیانێك كە وردە وردە پێمان ئەڵێت .. ئای قەلەندەر مرۆڤی بێ ماچ و خۆشەویست و خۆشەویستی... ئای روح وێران .. هەناسە كاول بوو.. تۆ چەند پێویستیت بە خۆشەویستی و ماچ و راممووسان هەیە..**
**تۆ چەند پێویستیت بەوە هەیە بە جوانی ئاوس بیت و مەگیرانی ماچ و تێكەڵبوون بە روحی رەهای خۆت بیت..**
**روحی رەهای من تۆیت.. تۆیت ئەی نیوەكەم ئەی مرۆڤ...**

***شتێ هە یە***
***هێندە ی مرۆڤ جوانی هە بێ***
***گشت جوانیە كان***
***لە چاوانی تۆدا ئە زێن***
***شتێ هە یە***
***وە كو مرۆڤ لە گە ورە یی***

**ئەمە دێرێكە نموونەی وتنێك بۆ بڕوابوون بە گەورەیی مرۆڤ و خەلاقیەتی و جوانییەكانی.. بەوەی هێشتا رۆشناییەك هەیە لە كتێبێكەوە هەڵدێت و بەر ئەبێتە ئەو روحانەی كە وشك و برینگ هەلأتوون لە تاو .. بێ عەشقی و بێ زەوقی و بێ شەوقی مرۆڤ..**
**پیرۆزە مەگیرانی لە خوێنەری كورد و لە هەندرێن و هەمووومرۆڤەكان...**
**نموونەیەك لە مەگیرانی**
***با***
***تێكە ل بین***
***بە ر لە وە ی***
***فیتە***
***زە مە نی گومڕایی***
***لە فارگۆنە بە تالە كان***
***پڕكا***
***با تێكە ل بین***

بە ر لە وە ی
بۆرژان
لە بژاردنی
بە ژنت
ببرژێ
ووشە کانم
ووردە ماسین
لێیان گە ڕێ
با لە کانی رحت
چاو بکە نە وە
با گە ورە بن
بە هە ناسە ی ئە و ماچانە ی
کانی ئە کە ن بە روبار و
روبار بە دە ریا و
دە ریا بە ئۆقیانووس و
ئۆقیانووسیش بە فە زای ئە زە ل
ئاگات لێیە
هە ر دوو زە یتونی
موتربە
لە سنە وبە ر
ریشۆلە بۆر هە لگە ڕاوە کانی
شوشە بە ندی چاوە کانم
ئە کە ن بە ژە مێکی
ژێر گە لا سە وزە کانی پە یمانگای
هونە رە جوانە کان
بە پێکە نینت سە ما ئە کە ن
با تێکە ل بین
درە نگە سۆراغ کردنی خە یال
پێداچوونە وە ی خە ونە کان
رۆژ بێزار دە کات
گۆڕی تە مە ن
ئە کا بە خە رە ند
بۆ مە رگی ساتە وە ختە
پە......پو.....لە.....یە.......کان
با تێکە ل بین
بە ر لە وە ی
جیابوونە وە
دوا هە ناسە ی مردن بدات
باخی سینە م
نە مامی نە زۆکن
ماچی مە مکە کانت ئە یانزێنێ
وا تێنە گە ی

جووت  بوون  رازیم  ئه كات
شیبوونه وه م   بۆ  تێگه ل  بوونه
كه سێ  هه یه
له ده روازه ی  ته مه ن   ره ت  بێ
هه ر  بۆ  ئه وه ی  له كه لێدا  ته ماشا بكا
تاته  شۆری  خه مه كانم
بۆ  به ر  پێی  سۆزانیه كانه
خه ونه  ره شه كانیش
به  جغاره ی  سه رخۆشه كان
با  بسوتێن